دوو هاوڵاتی خەڵکی کرماشان بەهۆی تەقینەوەی مینی چێنراو بەسەختی بریندار بوون

بەهۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە پاشماوەی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق لە ناوچەی "بان مەیل"ـی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنێک و پیاوێک بریندار بوون.

بەگوێرەی ڕۆکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، بەهۆی تەقینەوەی مین لە "بان مەیل" سەر بە ناوچەی سوماری گیەڵان لە کرماشان پیاوێکی تەمەن 65 ساڵ بەناوی کەمال ئیحسان بەخش و ژنێکی 55 ساڵ بەناوی نەجیمە جەعفەری بە سەختی بریندار بوون.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری هەنگاو، ئەم دوو هاووڵاتییە لەلایەن فریاگوزاری خێرای ئاسمانی بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی بە نەخۆشخانەی خومەینی شاری ئیلام گوازراونەتەوە، پیاوەکە لاقی چەپی بریندار بووە و مەترسی لەدەستدانی لاقی لەسەرە و ژنەکە لە بەشی ورگ و چاویەوە بریندار بووە.